## سەید حسێن، پێکەنینی گەدا، ئەشعەری و وردەکارییەکانی مێژوو!؟ [1]

بە خوێندنەوەی باباتەکەی کاک موحسین قزلجی لە مەڕ کەسایەتیەکانی "ناوچەی بۆکان" گەلێک گەشامەوە. خۆزگە کاک موحسین درێژەی بە کارەکەی بدایە و تۆزی سەدە و ساڵانی لە سەر ناودارانی شارو ناوچەکە لابدایە.
سەبارەت بە چیرۆکەکەی مامۆستا حەسەن قزڵجی و میرزا حسێن، دەبێ بڵێم منیش لە کاک"محەممەدی ئەشعەری" م بیستبوو، کە میرزا حسێن هەمان "سەید حسێن بەدەوی"بێت.
کاک محەممەدی ئەشعەری نەمر دۆستی زۆر نزیک و جێگەی ڕێزی من بوو. لە ساڵی 1963دا پێکەوە لە کوردستان شاربەدەرکراین، ئەو نێردرایە شاری "دلیجان" و من بۆ "ئەراک" تووڕ هەڵدرام. گەلێک جار لەو دوو شارە سەردانی یەکترمان دەکرد تا هەردووکمان هاتینە تاران. ئەو لە گەڵ بەڕێز ملووک خانمی هۆشمەند دەژیا کە هاوسەری ئەو و خزمی من بوو و ڕۆژانی هەینی زۆرجاران دەچوومە ماڵیان.
کاک محەممەد لە منداڵییەوە زەحمەتکێش و چەوساوە بوو و مرۆڤێکی تێگەیشتووی سیاسی لێ دەرهاتبوو و لە ئەنجامدا کۆڕە گەورەکەی وەک پێشمەرگەیەک لە پێناو کوردستانی خۆشەویستیدا بەخت کرد. من گەلێک شارەزای خوو و خدەی کاک محەممەدم و دەشزانم لە ساڵانی زووتر و سەردەمی لاویەتیدا نزیکترین دۆستی مامۆستای بەڕێز عەلی زیبایی بوو. بە ئەرکی خۆمی دەزانم لە داهاتوودا زیاتر لە سەر دۆستی جێگەی ڕێز و هاوڕێی ساڵانی ئەستەمی ژیانی دەربەدەریم کاک محەممەد ئەشعەری بنووسم. یادی بەخێر بێت.

ئەنوەری سوڵتانی    سەرماوەزی 2005

---

1) ئەم سەردێڕە لە لایەن ماڵپەری بۆکانەوە داندراوە